فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی ئەمنی فەرماندە باڵاکانی پێکهاتە ئەمنییەکان دەکات

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی ئەوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئاسایشی کرد بە فەرماندە باڵاکانی پێکهاتە ئەمنییە جیاوازەکان.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەکدا فەرماندەی گشتی جێختی کردەوە لەسەر پێویستی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە وڵاتەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەوڵێک بە تێکدانیان، چونکە نوێنەرایەتی بناغەیەکی بنەڕەتی دەکەن کە پلانەکانی پەرەپێدان پشتیان پێ دەبەستن و ئامانجیان پێشخستنی هەموو کەرتە گرنگەکانە و لە پێش هەموویانەوە لایەنی خزمەتگوزارییە.

سودانی جێختی کردەوە لەسەر پێویستی پاراستنی پرسی هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی یاسا بەگوێرەی

چوارچێوە دەستوورییەکان لە لێپرسینەوە لە هەر کەسێک کە ڕێگری لە بڕێوچوونی بکات، هەروەها پێداچوونەوەی بە ئەو پلانە ئەمنییە کرد کە لە ماوەی هەبژاردنەکاندا جێبەجێ دەکرێت بە پاراستنی پرەسەی هەبژاردن لە بەغدا و پارێزگاکان و ئاماژەی بەوەشکرد کە پێویستە ئەم پلانە بە بەردەوامی نوێ بکرێتەوە بە ئەوەی بتوانێت هەر پێشهاتێک یان ڕووداوێکی ئەمنی لێناکاوە لێخۆبگرێت.